# بوونی چەندین حیزب و جەماعەت دژ بە دەقی قورئان و سوننەتە
## باوکي حارث

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد :

بە داخەوە چەواشە کردنی حیزبیەکان ئەوانەی گوایە بۆ خزمەتی ئیسلام حیزبایەتی ئەکەن! چەواشەیان گەیشتۆتە ئەوەی گاڵتەی بە ئەهلی سوننە بکەن و ناوو ناتۆرەی ناشیرینیان بۆ دابنێن و بوختانی بکەن بۆ زاناکانی ئەهلی سوننە گوایە ڕێگایان داوە بە بوونی حیزبایەتی و بە حەڵاڵیان زانیوە! من وەنەبێ خۆ مەدح بکەم و لاف زۆر شارەزایی لێبدەم بەڵام سوپاس بۆ خوا شارەزای ئەوەم هەیە کە ئەو حیزبانە لەسەرین بۆیە بە واجبی ئەزانم ئەو بوختان و گومانانەیان ڕەد بکەمەوەو ڕونیان بکەمەوە بەڵکو خەڵکی سادەو ساویلکە کە ئەوان ئەم جۆرانەیان بۆ ئەخەڵەتێ چیتر پێیان نەخەڵەتێن! ئەم جارە ئەچینە خزمەتی فەتوایەکی پێشەوا ابن العثيمين رحمه الله جاری تریش ان شاء الله باسی ترمان ئەبێت خوای گەورە سەرکەوتومان بکات و مەبەستمان تەنها ڕەزامەندی خوا بێ و دوا کەوتنی حەق بێت نەك سەر خستنی شەخس و حیزب !

### فەتوای پێشەوای سەلەفی محمد بن صالح العثيمين رحمه الله لەسەر بوونی فرە حیزب و جامەعەت

س/ هل هناك نصوصٌ في كتاب الله وسنة نبيه صلى الله عليه وسلم فيهما إباحة تعدد الجماعات أو الإخوان ؟

ج / ((نعم . . أقول ليس في الكتاب ولا في السنة ما يبيح تعدد الأحزاب والجماعات ، بل إن في الكتاب والسنة ما يذم ذلك ، قال الله تعالى {إنَّ الذينَ فَرَّقُوا دينهم وَكانُوا شِيَعَاً لستَ مِنْهُم في شَئٍ إنَما أمْرُهُم إلى اللهِ ثُمَّ ينبئهم بِمَا كانوا يَفعَلُون} وقال تعالى : {كلُ حِزبٍ بَمَا لَدَيْهم فَرِحُون } ولا شك أن هذه الأحزاب تتنافى ما أمر الله به بل ما حث الله عليه في وقوله {وأنَّ هَذه أمَّتُكم أمَّةً وَاحدَة وأنا رَبُكم فَاتَّقون} .

وقول بعضهم : إنه لا يمكن للدعوة أن تقوى إلا إذا كانت تحت حزب ؟

نقول : هذا ليس بصحيح ، بل إن الدعوة تقوى كل ما كان الإنسان منطوياً تحت كتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم متبعاً لآثار النبي صلى الله عليه وسلم وخلفائه الراشدين)).

من شريط مجموع كلام العلماء في عبدالرحمن عبدالخالق . الوجه الثاني

منقول من كتاب جماعة واحدة لا جماعات للشيخ ربيع حفظه الله

پ/ ئایا دەقی وا هەن لە کتابی خوا وە سوننەتی پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەوەی تێدا بێت دروست =حەڵاڵ= بوونی فرە جەماعەتی یان برایان =بوونی زۆربوونی جەماعات=؟

و/ بەڵێ . . ئەڵێم نە لە کتاب و نە لە سوننەت ئەوە نیە کە بونی فرە جەماعەت و چەند حیزب حەڵاڵ بکات ، بەڵکو بە تەئکید لە کتاب و سوننەت ئەوە هەیە کە زەمی =سەرزەنشتی= ئەوە دەکەن =چەند حیزب و چەند جەماعەت هەبن= ، خوای بەرز ئەفەرموێ : {إنَّ الذينَ فَرَّقُوا دينهم وَكانُوا شِيَعَاً لستَ مِنْهُم في شَئٍ إنَما أمْرُهُم إلى اللهِ ثُمَّ ينبئهم بِمَا كانوا يَفعَلُون}واتە : ( بە تەئکید ئەوانەی دینی خۆیان پارچە پارچە کردووەو لێك جودا بونەتەوەو بوون بە کۆمەڵی جیا جیا تۆ لەوان نیت لە هیچ شتێك لێیان بەریت ئەوان بێگومان کارو حیسابیان بۆلای خوایە پاشان خوا ئاگاداریان ئەکاتەوە بەوەی ئەیکەن ) . وە خوای

بەرز ئەفەرموێ : {كلُ حِزبٍ بمَا لَدَيْهم فَرِحُون } واتە : ( هەر حیزبەو بەوەی لای خۆیەتی دڵ خۆشە) . وە بێگومان ئەو حیزبانە یەك ناگرنەوەو دژایەتیان تێدا لە گەڵ ئەوەی خوا فەرمانی پێكردووە بەڵكو ئەوەی خوا هانی داوین لە سەری لە فەرموودەی : {وأنَّ هَذه أمَّتُكم أمَّةً وَاحدَة وَأنا رَبُكم فَاتَّقون} واتە : ( وە بە تەئكید ئەو ئوممەتەی =دین و شەریعەتەی= ئێوە یەك ئوممەت =دین شەریعەت= ە وە من پەروەردگاری ئێوەم =من شایانی ئەوەم بم پەرستن بە تەنها= جا خۆتان لە سزای من بپارێزن =تەنها من بپەرستن و هاوبەش پەیدا مەكەن= ) .

وە قسەی هەندێكیان : كە ئەڵێن كە ناكرێ بانگەواز بە هێز بێت ئیللا ئەگەر لە ژێر ركێفی حیزب بێت ؟

دەڵێین =ئەمە وەڵامی شێخە بۆ ئەو گومانە= : ئەوە ڕاست نیە ، بەڵكو بانگەواز بەهێز ئەبێ هەر چەندەی مرۆڤ ملكەچ بێو لە ژێر ركێفی كتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەكەی بێ صلی الله علیە وعلی الە وسلم شوێنكەوتە بێ بۆ ئەسەرەكانی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم وە خەلیفە راشیدەكانی =لە سەر حەقەكانی= .

ئەوە فەتوای پێشەوا ابن العثیمین لە سەر بونی چەند حیزب و جەماعەت كە ئەبینین حیزبە ئیسلامیەكان بانگەشەی حەڵاڵی ئەكەن چەواشەی خەڵكی پێئەكەن گوایە بۆ بانگەوازی ئیسلام حیزبیان دروست كردووە نەك بۆ گەیشتن بە كورسی و جانتای دیبلۆماسی و بودجەی چەور و بوون بە وەزیرو گزیر! وە هەندێ نەفام و نەزان كە عەرەبی لە زنجیرەی .... فێر بوون و خۆ دەر ئەخەن بە عەربی زان و گاڵتەی بە موسڵمانی تر ئەكەن گوایە عەرەبی نازانن دێن پاكانە بۆ ئەو حیزبانە ئەكەن و خۆشیان بە شوێنكەوتەی ئەو زانا سەلەفیانە ئەزانن! من بە پشتیوانی خوا بەو جۆرە كەسانە ئەڵێم ئەمە كەمێكە زۆر بەڕێگاوەیە !